# خاڵای لەگەڵ ڕووەکەکان قسە دەکات

Ursula Nafula
Jesse Pietersen
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 2

(utan bilder)

ئەمە خاڵیە. ئەو تەمەنی حەوت ساڵە. وشەی خاڵای بە زمانی ئەو “لوبوکوسو” واتە: “کەسێکی باش.”

خاڵای له خەو هەڵدەستێ و لەگەڵ دارپڕتەقاڵەکە قسە دەکات:
“تکایە داری پرتەقاڵ باش گەورە بە و پڕتەقاڵی زۆری
پێگەییومان بدەیە.”

خاڵای بۆ قوتابخانە دەچێت. لە ڕێگادا لەگەڵ گژوگیاکان قسە دەکات: “تکایە گژوگیاکان، سەوزتر بن و وشك مەبن.”

خاڵای بە لای گوڵە خۆڕسکەکاندا تێدەپەڕێ: “تکایە گوڵەکان، هەمیشە خونچە بدەن بۆ ئەوەی من ئێوە لە قژم بدەم.”

له قوتابخانەش، خاڵای لەگەڵ دارەکەی ناوەڕاستی حەوەشەی قوتابخانەکەیان قسە دەکات: “تکایە دارەکە، لقی گەورە دروست بکە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەژێر سێبەرەکەتدا بخوێنینەوە.”

خاڵای لەگەڵ داریەرژینی قوتابخانەکەی قسە دەکات: “تکایە، زۆر گەورە بەو ڕێگە لە هاتنە ژوورەوەی کەسانی نەخوازراو بگرە.”

کاتێک خاڵای لە قوتابخانە دێتەوە، سەردانی دارپڕتەقاڵەکە دەکات. خاڵای لێی دەپرسێ: "ئەرێ ئێستا پڕتەقاڵەکانت پێ گەییون؟"

خاڵای ئاهێك هەڵدەكێشێ و دەڵێ: هێشتاش پڕتەقاڵەکان هەر سەوزن. خاڵای دەڵێ: “دار پڕتەقاڵ، بەیانی یەکتر دەبینینەوە، لە وانەیە ئەوکات تۆ پڕتەقاڵێکی پێگەییوت هەبێ بۆ من!”

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## خاڵای لەگەڵ ڕووەکەکان قسە دەکات


Skriven av: Ursula Nafula
Illustrerad av: Jesse Pietersen
Översatt av: Agri Afshin


Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.


Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.